# با چیتر تواناکاری ژنان نەشارینەوە *

دکتور فایق محەمەد گوڵپی

لە سەرەتای دروستبوونی کومەڵگای چینایەتیەوە تا ئەمڕۆ ، سیّ جۆری سەرەکی چەوسانەوەو کۆیلەکردنی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە داهێنراوە و پەیڕەو کراوە. چەوسانەوە و کویلەکردنی چینایەتی ، چەوسانەوەو کۆیلەکردنی نەتەوایەتی ، چەوسانەوە و کۆیلەکردنی ڕەگەزی . هەریەك لە شێوەی یەکەم و دووەمی چەوسانەوەکان (چینایەتی و نەتەوایەتی ) لە لایەن هەزاران کۆمەڵناس و بیرمەند و سیاسەتمەدارەوە دراونەتە بەر تیشکی لێکۆلینەوە ، چەندان حزب و ڕێکخراوی سیاسی ، هێزی چەکدار و دەوڵەت بۆ کەمکردنەوە و بنەبڕکردنی ئەم جۆرە چەوساندنەوانە دامەزراوە .

لەگەڵ ئەوەشدا کە چەوسانەوەی ڕەگەزی ژن لە لایەن پیاوەوە کۆنتر و ڕیشەدارترە ، بەڵام تا ئەمڕۆش هەنگاوی چارەسەری جدی بۆ نەنراوە و لە پێش جۆرەکانی تری چەوسانەوەدا ڕیزی گرتووە ، وەك پێویست لە لایەن کۆمەڵناس و بیرمەندانەوە لای لێنەکراوەتەوە و گرنگی پێنەدراوە . ڕەگەزی ژنیش ئەگەرچی تا ڕادەیەك بەم زوڵم و زۆرەی لە بەرامبەریدا کراوە ڕازی نەبووە ، بەڵام خەباتێکی ئەوتۆ و بەردەوامی لە پێناوی ڕزگاری خۆیدا بەڕێوە نەبردووە . بۆیە یەك لە کێشە گرنگ و ژیانیەکانی سەردەم بە دیاردەی ماف و ئازادیەکانی ژن ناودەبرێت .

لە سەردەمی کۆمەڵگای کۆیلەداری و هزری ئەفسانەدا ، وا باوبووە کە ژن لە پەراسووی پیاو دروستبووە ، ئەبێ پابەندی ویست و ئارەزوەکانی پیاو بێت و لە ژێر فەرمانی دا دەرنەچێت . لە قۆناخی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی و هزری ئاینی تاکخوداییدا ، ژنان وەك (زەعیفە ) و کەم توانا و مرۆڤی پلە دوو و کەمتریش بینراون ، دەرفەت نەدراوە بە بیّ بڕیار و ڕەزامەندی پیاو دەست بە ئاویشدا بکەن .

لە قۆناغی کۆمەڵگای سەرمایەداری و هزری فەلسەفە و زانستدا ، ژن وەك بە ڕەواجترین کاڵا ، لە لایەن تاکی هار و چاوچنۆکی سیستەمی سەرمایەدارییەوە ڕۆژانە جەستە و ڕۆحی لە بەرامبەر قازانجی مادیدا هەراج ئەکرێت . لە سایەی ڕژێمی سوسیالیستی بنیادنراودا ، ئایدیۆلۆژیای ڕزگاری ژن پاشکۆی ململانیّ چینایەتی بوو ، ململانیّ نێوان ژن و هزری پیاوسالاری لە ژێر چەتری ململانیّ کار و سەرمایەدا شاردرابوویەوە ، ژنی بۆرجوا و ژنی کارکەر لە ئارادابوون ، ململانیّ و شەڕی چینایەتی شەڕی ڕەگەزی خەواندبوو .

لەم سەردەمەدا کە سیستەمی سەرمایەداری لە ئاست تاوانە گەورەکانیدا دەرهەق بە مرۆڤایەتی بەخۆیدا دەچێتەوە ، زانست ڕۆڵی کاریگەری لە ڕاستکردنەوەی دیاردە هەڵەکانی مێژوودا هەیە ، کومەڵگای شارستانی بەرەو پێکهێنانی سیستەمکی دیموکراسی و مافداری ڕەگەزی هەنگاوی جدی دەنێت ، ئایدیۆلۆژیای ئازادی ژن دەرگای گفتووگۆی لە سەرکراوەتەوە . لە ژێر فشاری تێکۆشانی هەژاران و گەلانی ژێردەست و ژناندا سیستەمی سەرمایەداری تا ڕادەیەك ڕەخنە لە کارە دزێوەکانی ڕابوردووی خۆی دەکات ، کە لە بەرامبەر مرۆڤایەتیدا ئەنجامی داون ، شەرم ئەیگرێت ، ئەیەوێت لە سەرجەم مرۆڤایەتی و نەتەوە ژێردەستەکان و ڕەگەزی میّ و چەوساوەکان داوای لێبوردن بکات . بۆیە دەبینین لەم قۆناغەدا ئەو سیستەمە کۆمەڵێك پێوانەی دیموکراسی و بنەمای مافداری لە داڕشتنی ئایدۆلۆژی خۆیدا ڕەچاو دەکات ، ئەمە دەرفەتێکی زێڕینی بۆ داکۆکیکردن لە ماف و ئازادیەکانی ژنان هێناوەتە کایەوە ، لە ژێر سێبەری ئەم گۆڕانکاریانەدا ژنان دەتوانن حزب و ڕیکخراوی سیاسی تایبەت بە تێکۆشانی ڕەگەزی خۆیان دامەزرێنن و خەباتی چروو پڕی بەردەوام بکەن . ژنان دەتوانن بە پشتبەستن بە داهێنان و پێشکەوتنەکانی زانست لە پێکهاتەکانی لەش و بایۆلۆژی و فسیۆلۆژی خۆیان باش تێبگەن و بگەنە ئەو قەناعەتە کە جیاوازیەکانی ژن و پیاو لەم بوارانەدا نەك هەر نەنگی نیە ، بەڵکوو لە زۆر لایەنەوە ئەو جیاوازیانە وا دەکات کە ژن لەم سەردەمەدا لە چەندان بواری ژیان و تێکۆشاندا لە پیاو سەرکەوتووتر بێت . لە لایەکی ترەوە پێشکەوتنی زانستی ئاسەوارناسی و خوێندنەوەی ڕاست بۆ مێژووی مرۆڤایەتی ، بینینی درێژترین قۆناغی مێژووی پێش کومەڵگای کۆیلەداری وەك قۆناغی کومەڵگای سرووشتی و سەردەمی نیۆلۆتیك کە لە ساڵانی دەوروبەری 4500- 3000 پێش

زاینی لە ناوچەکانی میزۆپۆتامیا بە ڕابەرایەتی ژنان ئاواکراوە و بەڕێوەبراوە ، لێکۆڵینەوەیەکی واقعی لە سەر ڕۆڵی داهێنەرانەی ژن پێشخستووە . لەو سەردەمەدا چەندان داهێنانی مەزنی ڕەنجی مرۆڤ دەبینرێت ، کە بە شۆڕشی گوند و کشتووکاڵ و ئاودێری ناودەبرێت ، لەو سەردەمەدا مرۆڤ ئاژەڵی ماڵی کرد ، دانەوێڵەی دۆزیەوە ،دیاردەی کشتووکاڵکردنی داهێنا و گوندی وەك شوێنی نیشتەجێکردنی خۆی ئاواکرد . ژنان لەو سەردەمانەدا بەرپرس و بەڕێوەبەر و داهێنەر بوون ، شانبەشانی ئەم داهێنانانە ژن لە بەرێوەبردنی کاروباری ناو ماڵ و بەخێوکردنی منالان بەرپرسیار بوو ، ئەو وتەیەی تا ئەمرۆش لە ناو کومەڵگادا باوە کە لە پیاو ئەپرسن ؟ ژن و ماڵت هەیە ئەوە دەردەخات کە ژن لە پێکهێنانی ژیانی مرۆڤ و ئاواکردنی خێزاندا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە و دەبینێ . شۆڕشی کشتووکاڵی و ئاواکردنی گوند لە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتدا تا سەردەمی ڕێنیسانس و شۆڕشی پیشەسازی خۆی بە تەنها مرۆڤایەتی بەخێوکردووە ، هێندەی شۆڕشی پیشەسازی چاخەکانی 16-17 زاینی ئەورووپا کاریگەری لە سەر ژیانی مرۆڤایەتی بووە و هەیە ، تا ئەمرۆش هەردوو پێکەوە ژیانی مرۆڤ دەپارێزن و بەڕیوەی‌دەبەن . ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییە کە ژنان لە مێژوودا ڕۆڵی گەش و پرشنگداریان لە درووستکردن و پێشخستنی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا بینیوە .

پێشکەوتنی زانستی بایۆلۆژی و فسیۆلۆژی لە سەر درووستبوون و بەرێوەچوونی چالاکی زیندەوەران و مرۆڤ ، هزرە کۆنەکانی ئەفسانە و ئاینی سەبارەت بە چۆنیەتی درووستبوونی ڕەگەزی مێ و پابەندبوونی بە پیاوەوە بۆ ناو زبڵدانی مێژوو فرێدا . زانستی کورپەلەناسی ئەوەی پشتراستکردەوە کە مێینە نەك هەر لە پەراسووی نێر درووست نابێت ، بەڵکو لە درووستبوونی کورپەلەدا ڕەگەزی مێ یەکەمە و ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ . بە گوێرەی ئەو ڕاستیەی کە ژن ژیری سۆزداری لە پیاو بەهێزترە و (وەك سەلیقە و هەستیاری ورد بەرامبەر دەورووبەر و بە ئارامی هەڵسووکەوتکردن لە گەڵ ڕووداوەکان و بە ڕوونی دەربڕینی بۆچوون و ساف قسەکردن ) ئەم ژیریەش لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا درووست بووە و لێ جیانابێتەوە ،وە ئەگەر لەم سەردەمەدا وەك چۆن هەزاران ساڵە دەرفەت بۆ پیاو ڕەخساوە ژیری ئەنەلیتیك ی (لێکۆڵینی) خۆی پێشخستووە ، بۆ ژنیش هەمان دەرفەت برەخسێت ، ژنیش دەتوانێ ژیری ئەنەلیتیك ی ( لێکۆڵینی ) خۆی پێشخات ، ( وەك تێگەیشتن و داهێنان لە زانستدا ، هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سیاسی و بڕیاردان ) چوونکە ئەم ژیریە بە کارتێکردنی پۆزەتیڤانەی دەورووبەر لە سەر مرۆڤ پێشدەکەوێت ، وەك ژیری سۆزداری لە گەڵ درووستبوونی مرۆڤدا نەخوڵقاوە . بە ئاوێتە کردنی هەردوو ژیریەکە تێکەڵەیەکی نوێ ی ژیری دێتە ئاراوە کە هێزی خوێندنەوەی دیاردەکانی بە لاوە زانستی تر دەبێت و لەم سەردەمەدا ، سەردەمی پێشکەوتنی زانستی وزەی ئەتۆم و ئینتەرنێت و کۆپی کردنی مرۆڤ ، مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز زۆر پێویستی پێیەتی و گەورەترین خزمەتی ئایندەی کومەڵگای پێدەکرێت و جارێکی تر ڕۆڵی ژن لە ئاواکردن و پێشخستنی شارستانیەتدا زیندوو دەکاتەوە .

لە لایەکی ترەوە ئەگەر هەریەك لە ئێمە ( پیاو ) ، ویژدانمان زیندوو بکەینەوە و هزری پیاوسالاری بەلاوەبنێین و لە دیاردەی ژن و کومەڵگا وردبینەوە ، ڕاستیەکمان بۆ دەرئەکەوێت کە ئەگەر چی ژن بە شێوەیەکە فەرمی لە بواری سیاسەت و ئابووری و دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی تری ژیانادا دوورخراوەتەوە ، بەڵام بە شێوەیەکی کرداری ( پراکتیکی ) ژنان لە زۆر کات و شوێندا کاریگەری خۆیان لە سەر ڕووداوەکان بە جێکردووە . وتنی باوی کومەڵگا : لە پشت هەر پیاوێکی گەورەوە ژنێك وەستاوە ، هێزی درووستکەرانەی ژن بۆ پێگەیشتنی تاکی سەرکەوتووی کومەڵگا دەخاتە ڕوو .

ئەگەر چاوێك بە مێژووی ژیانی مرۆڤە سەرکەوتوەکانی جهاندا بگێڕین ، بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی زۆریان ئەو کەسانەن کە لە تەمەنی منالیدا باوکیان لە دونیا دەرچووە و دایك بە خێوی کردوون . لە چەند لایەکەوە دەتوانین ڕۆڵی دروستکەرانەی دایك لە سەرخستنی ڕۆڵەکانیدا بخەینە ڕوو ، یەکەم هۆکار ئەوەیە کە سرووشتی ژن لەگەڵ خۆسەپاندنی زێدەڕۆ و تەسککردنەوەی سنووری ئازادی دا ناگونجێ و ناکۆکە، ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ بیرکردنەوە و بڕیاردانی منالان و گەنجانی بێ باوك ڕەخساندووە تا سوود لە توانا و تایبەتمەندیەکانی خۆیان وەربگرن و لە ژیاندا سەرکەوتن بە دەستبهێنن ، دووەم هۆکار ئەوەیە کە دایك (ژن ) ڕۆڵەکانی بە ئاراستەیەکی ڕاستدا ئامۆژگاری دەکات ، لە ڕێگەی چەوت و ئایندەی تاریك دووریان دەخاتەوە ، لەبەر ئەوەی دایك لە لایەکەوە ژیری ئاشتیخوازی لە باوك بەهێزترە لە لایەکی ترەوە دایك زۆرتر بیر لە

دوارۆژی ڕۆڵەکانی ئەکاتەوە و خۆشەویستیەکەی بۆ مناڵەکانی هێندە بەهێزە لە بڕیارەکانیدا بەرژەوەندی تاییەتی خۆی ناسەپێنێ و بەرژەوەندی مناڵەکانی لە پێش بەرژەوەندی خۆیەوە دادەنێت ، بەلام ئەم هزرەی ئاشنیخوازی و خۆشەویستیەی بۆ مناڵ لە لای باوك هێندە پێشکەوتوو نیە ، زۆربەی کات باوك ئازادی منالانی خۆی بەرتەسك کردۆتەوە و بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆی و تێرکردنی ئارەزوەکانی بڕیاری پیاوسالاریانەی بەسەر مناڵەکانیدا سەپاندووە .

بە وردبوونەوە لەم راستیانەو چەندان بەڵگەی تر ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ژن ئەگەرچی لە مێژە لە لایەن پیاوەوە دەسەلاتی لە دەست وەرگیراوە و قورسترین شێوەی چەوسانەوەی بە سەردا سەپێنراوە ، بەلام بۆ گێڕانەوەی ماف و ئازادیەکانی لە ژێرەوە ، لە پەناوە ، هێشتا هەر خەبات دەکات و کۆڵی نەداوە و چەندان لایەنی گرنگی ڕاستینەی ژنێتی خۆی پاراستووە . لەم سەردەمەشدا کە سەردەمی ڕەخنەدانی سیستەمی پلەداری و دەوڵەتگەراییە ، دەرفەتێك بۆ ڕەگەزی ژن هاتۆتە پێشەوە کە دەتوانێ تەکانێکی باش بە تێکۆشانی ڕەگەزی خۆی بدات و لە بنی کومەڵگاوە سەردەربێنێ و ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی زیندوو بکاتەوە و ببێتە خاوەنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن و لە خەباتی سیاسی و جەماوەری و دیموکراتیدا پێشەنگایەتی بۆ کومەڵگایەکی هاوسەنگی ڕەگەزی ژینگەیی نەتەوەیی دیموکراتی بکات .

2006-3-4

* بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لە کتێبی : پارستنی گەلێك ی عەبدوڵا ئۆچ ئالان وەرگیراوە .